# ئەگەر بە دوای هەڵە وکەموکورتی مسوڵمانان بگەڕێیت؛ ئەوا وایان لێدەکەیت خراپەکار بن، یان نزیکە لەوەی کە وایان لێبکەیت خراپەکار بن

لە موعاویەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «ئەگەر بە دوای هەڵە وکەموکورتی مسوڵمانان بگەڕێیت؛ ئەوا وایان لێدەکەیت خراپەکار بن، یان نزیکە لەوەی کە وایان لێبکەیت خراپەکار بن».
[صەحیحە] [ئیبنوداود گێراویەتیەوە]

ئەگەر شوێنی هەڵە وعەیبی مسوڵمانان بکەویت وجاسوسی وسیخوڕی بەسەر حاڵەت وژیانیانەوە بکەیت وبە دوای کەموکورتی وتاوان وعەیبەکانیانەوە بیت لە کاتێکدا ئەوان دەیشارنەوە ودەری ناخەن وتۆ بێیت ئاشکرای بکەیت وئابڕوویان ببەیت، ئەوا لێرەدا تۆ پەردەی داپۆشینت لەسەریان لادا بۆیە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی حەیا وشەرمیان کەم ببێتەوە یان نەمێنێت، ئەمیش وا دەکات کە بە ئاشکرا تاوان وهەڵە بکەن لە پاش ئەوەی دەریان نەدەخست وکەس پێیانی نەدەزانی جگە لە الله -سبحانه وتعالى-.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8879

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee